# ئیسلامیستەکان شوێنێکیان بۆ هەڵاتن نەماوە

## توندبوونەوەی ناکۆکییە سیاسییەکان لە تونس

لە تونس هەموان لە سەر ئەوە کۆکن، کە دەستکەوتەکانی شۆڕش لە مەترسیدایە. ئێستا دەبێ بزانین سەرچاوەی ئەو مەترسیە چ لایەنێکە. ئۆپۆزسیۆنی سکۆلار کە قبوڵی ناکات ئیسلامەگەرا موحافزکارەکانی سەر بە نەهزە لە ئۆکتۆبەری (2011) لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی یاسادانان بە زۆرینەیەکی بەرچاو سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە؟ هەر ئەم ئیسلامگەرایانە کە دەیانەوێت سەرکەوتنەکەیان بۆ هەژمونی و پیلانگێڕی لە ناو حکومەتدا بەکاربهێنن، ئەو ترسەش کە میلیشیا سەلەفیەکان دروستیانکردوە لە بەرژەوەندی خۆیاندا دەقۆزنەوە؟ یان سیاسەتی پڕ لە پیلانگێڕی کە وەبیرهێنەرەوەی وەزیربازیەکانی کۆماری چوارەمی فەرەنسایە لەگەڵ یەکێتیە پەرلەمانیەکانی، کە ئەگەر نوێنەرێکیان کورسی پەرلەمانی بەدەست نەهێنایە، تووشی لێکدادەبڕان دەبوون، هەروەها ئەو قەیرانانەی کە لە ماوەی 24 کاتژمێردا فەرامۆشدەکرێن و ئەو گروپە بێ ئەژمارانەش کە بە بەردەوامی پێگەیان لە گۆڕاندایە. لەم نێوەندەدا بەرهەمهێنانی کانزاکان لە هەرەسهێناندایە، پیشەسازی

سرێژ حەلیمی لە فارسییەوە: جەمال رەحیم



گەشتیاری لە هەرەسهێنان نزیک بووەتەوە، وڵات ناجێگرە لە بواری ئەمنیدا و سەدان گەنجیش رەوانەی جەنگ لە ریزەکانی گروپە جیهادیەکان لە سوریا، جەزائیر و مالی دەکرێن.

لە رۆژی (16) شوبات هاوکات لەگەڵ ئاڵای ئیسلامگەرایانی نەهزە ئاڵای جیهادیەکانیش بەرزکرایەوە. جەماوەرێکی زۆر هاتبوون، بەڵام زۆر کەمتر بوون لە لایەنگرانی ئۆپۆزسیۆن کە هەشت رۆژ پێشتر لە کاتی بەخاک سپاردنی شوکری بلعید، چالاکیکی چەپڕەودا کە لەلایەن گروپێکی نەناسراوەوە تیرۆر کرا کۆببوونەوە. کوشتنی ئەو چالاکە سیاسیەی ئۆپۆزسیۆن زیانی بە هەیمەنەی جەماوەری نەهزە گەیاند، رکابەرەکانیشی لە یەکتر نزیک کردوەتەوە و بە رواڵەت بووەتە هۆی دروستکردنی ناکۆکی لە نێوان ئەندامانی نەهزەدا. حمادی جیبالی سەرۆک وەزیران وسکرتێری گشتی پارتی نەهزە پێشنیاری پێکهێنانی «حکومەتێکی تەکنۆکراتی، ناسیاسی» کرد، کە زۆربەی هاورێیانی لە بەرامبەریدا ئەستۆپاکی خۆیان دەربڕی. ئەم ئایدیایە هاوتا بوو لەگەڵ دوورخستنەوەی کاتی نەهزە لە دەسەڵاتدا، بۆ ئەوەی تا کاتی دارشتنی دەستوری نوێ و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێ بارودۆخی وڵات جێگیر بێت، ئایدیایەک کە چەندین رێکخراوی ئۆپۆزسیۆن، یەکێتیە کرێکاریەکان، سوپا، فەرمانبەران، وڵاتی جەزائیر و باڵیۆزخانەی وڵاتانی عەرەبی هاندەری بوون، بەڵام خۆپیشاندەرانی 16 شوبات دژی وەها سیناریۆیەک بوون و بەرگریان لە شەرعیەتی پارتەکەیان دەکرد و بێگانەکان بە تایبەت فەرەنسا»دژە شۆرش» و «پاشماوەکانی رێژێمی پێشوو»یان دایە بەرشاڵاوی رەخنە و لۆمەکردن.

جێی سەرسوڕمانە کە وانەکانی وەها شۆڕشێک هێزێکی سیاسی وەها موحافزکاری لێدەکەوێتەوە، چونکە ئیسلامگەرایانی نەهزە لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری 2011دا کە ئەوانی گەیاندە دەسەڵات هیچ مەیلێکیان بۆ تێکدانی سیستمی ئابوری و کۆمەڵایەتی ئەو کات لە خۆیان نیشان نەدابوو.

ئەوانیش وەکو هاوتا میسری و پشتیوانە

چەپی تونس، بە پارتە سیاسیەکان و یەکێتیەکانەوە، لە دژی نەهزە وەستاونەتەوە. کاتێك قسە لە نەهزە دەکرێت چەپ ئیتر باکی لە بەکارهێنانی زاراوەی«راستڕەوی توندرەو» یان تەنانەت پارتە«فاشیست ئاساکان» نییە.

درێغی کارەکانیان لە هەندێک لە میرنشینەکانی کەنداودا، هەوڵیانداوە کاپیتاڵیزمی توندرەو(1) لەگەل کۆنەپەرەستی لە کاروباری پەیوەندیدار بە خانەوادە و ئەخلاقدا ئاوێتە بکەن. کاتی وەسفکردنیش ئەو کەسانە لەبیر ناکەن کە لە بەرامبەریاندا خۆڕاگریان کرد و ئەو هەمووەی بە لیکاوی گفتمانی دڵخوازی پارتە پشتیوانەکان سیستمی زاڵ دادەپۆشی و بە هێرش کردنە سەرشەرعیەتی حکومەت، درێژەیان بە کارەکانیان دەدەن. بەو جۆرەی کە راشد غەنوشی بە لایەنگرانی وت:»سەرەتا رێگاکان دادەخەن و کارگەکان لەکاردەخەن، ئەمرۆش بە هێرشکردنە سەر شەرعیەتی دەسەڵات درێژە بە کارەکانیان دەدەن، نەهزە بڕبڕەی پشتی تونس. تێکشکاندن یان دەرپەڕاندنی زیان بە یەکێتی نیشتمانی وڵات دەگەیەنێت». رێک قسەکە لێرەدایە...

گەرەنتیدان بە سەلەفیەکان بۆ تێوەگلانیان لە توندوتیژی چەکدارانەدا؟

پرسیار ئەوەیە کە یەکێتی نیشتمانی وڵات لە کوێ دەستپێدەکات و لە کوێ کۆتایی دێت؟ بۆ پاراستنی پێویستە خەڵکی تونس چ فیداکاریگەلێک بکەن و خۆیان لە چ مەترسیگەلێک بدەن؟ ساڵێک پێش ئێستا کاتێک بڕیاربوو دەستورێکی نوێ دارێژرێت، کە جیاوازیەکی ئەوتۆشی لەگەڵ دەستوری پێشوو نەبوو و هاوسەنگیەکی نوێی لە گەشەی ئابوری وڵات لە بەرژەوەندی ئەو پارێزگایانەی کە دەیان ساڵ بوو پشتگوێ خرابوون جێگیر ببێت، رۆڵی بەرجەستەی پارتێکی ئیسلامگەرا لە حکومەتدا هیچ موناقەشە و مشتومڕێکی نەنایەوە، بەڵام ئێستا بە شکستی نەهزە – هێشتا دەستور نەخراوەتە دەنگدانەوە، دیسیپلینی گشتی لە مەترسیدایە، هیچ باسێک لە وەبەرهێنان نییە و ناوچە پشتگوێخراوەکان هەروا پشتگوێ خراون – گروپە ئیسلامگەرا رادیکاڵەکانیش بەوە هاندەدات، دەرەنجام پێویستە ئەوانیش لای خۆیانەوە بێنە ناو گەمەی سیاسیەوە، نەکا دەست بدەنە توند و تیژی چەکدارانە. ئیتر ناتوانرێت مەسەلەکە بە هەمان شێوەی پێشوو ببینین، بەڵام پێویستی بەکارهێنانی ئەو گروپانە ئیمتیازدان بە بابەتی ئاینیە.

گومانەکانی ئۆپۆزسیۆنیش لەمەوە سەرچاوەی گرتوە. ئۆپۆزسیۆن بە هیچ شێوەیەک ئەوەی قبوڵ نییە، کە نەهزە تا ئێستا بە گرتنەبەری شێوازی گفتوگۆ و قەناعەتپێکردن توانیبێتی مەترسی ئەنجامدانی توندوتیژی لەلایەن سەلەفی و جیهادیەکانی رەواندبێتەوە، بەڵکو لە باوەڕەدایە کە سنوورێکی دیاریکراو لە نێوان ئەم گروپانەدا کە پرۆژەی هەموویان لەبەریەک هەڵوەشانی دەوڵەت – میللەتە بوونی نییە. بەو جۆرەی کە لە گرتەیەکی ڤیدیۆیی تۆمارکراودا لە نیسانی 2012دا غەنوشی داوا لە سەلەفیەکان دەکات، کە پێویستە دان بەخۆیاندا بگرن. ئەو دوو رەوتە پرۆژەیەکی هاوبەشیان هەیە، کە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی هەر کامەیان پلانی جیاوازی هەیە : کاری دەستەیەکیان دەربڕینی گوتاری هێورکەرەوەیە و کاری دەستەکەی تریش ترساندنی ئۆپۆزسیۆن و نەیارانە. شێوازی کاری ناشەفافی ناوخۆی رێکخراوەکەیان ئەم جۆرە لێکدانەوانە پشتڕاست دەکاتەوە.

بەڵام وەها روانینێک بۆ کێشەکان ئەو ریسکەشی بەدواوەیە، کە ململانێ

ناوخۆیەکانی پارتی دەسەڵاتدار بە کەم سەیربکرێت. دواین قەیرانی حکومەت نیشانەی رۆشنگەریە دەربارەی ئەو ململانێیانە رێکخراوی توێژینەوەی ناحکومی گروپی نێودەوڵەتی قەیران(2) لە راپۆرتێکی شیکاری دەوڵەمەند و پشت بەستوو بە دکیۆمنتاری، کە بەم نزیکانە سەبارەت بە کێشەی سەلەفیگەری بڵاویکردوەتەوە، وەها لێکیدەداتەوە کە «گرژی و ململانێی جدی لە ناو نەهزەدا بوونی هەیە. کەلێنێکی گەورە لە نێوان هەڵوێستی سیاسی سەرکردەکان، کە جێی رەزامەندی گشتیە و بە بەردەوامیش لە رێگای راگەیاندنەکانەوەو بە تایبەت راگەیاندنی بێگانەوە دەگوازرێنەوە – باوەڕی قووڵیش لە پەیکەری کردارگەرایاندایە». هەر ئەم ناڕوونییە لە رێکخراوە سیاسی و ئاینیەکانی دیکەشدا هەیە. نەهزە «لە نێوان دوو بەرداشدا گرفتار بووە: لەلایەک دژایەتی توندوتیژ ئامێزانەی سەلەفیەکان و لەلایەکی دیکە ئۆپۆزسیۆنێکی سکۆلار کە بە بەردەوامی لە بۆسەدایە بۆ دۆزینەوەی هەر هەڵەیەک» دەبێت هەڵبژێرێت:»ئەگەر بانگەشەی دینداری زیاتر بکات، علمانیەکان نیگەران دەکات، ئەگەر رەفتارێکی سیاسی و پراتیکی بگرێتەبەر، بەشێکی گرنگ لە پێگەی جەماوەری خۆی لە دەستدەدات و ئاگری سەلەفیەکان و پارتە راستڕەوەکانی تر دەگەشێنێتەوە(3)».

سەرباری ئەمەش ئۆپۆزسیۆن مەیلێکی ئەوتۆی بە پەسەندکردنی ئەو پرسە نییە، کە تا ئێستا بە هۆی نەهزەوە رێگری کراوە لە خراپترین رووداوەکان، تەنانەت مەیلێکی ئەوتۆی بە قبوڵکردنی ئەوەی کە ئیسلامیەکان دامەزراوە مەدەنی – پەروەردەیی، فەرهەنگی، دادوەری لە وڵاتێکدا کە ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاتر لە یانزە ملیۆن کەسە، باجێکە کە پێویستە بۆ دامرکاندنەوەی کەڵکەڵەی ئەنجامدانی توندوتیژی نزیکەی پەنجا هەزار جیهادی بێت. لەمە بەدەر، لە کوشتنی بلعیدا ئۆپۆزسیۆن وروژاوە بە گردبوونەوەی ئەو جەماوەرە گەورەیە لە مەراسیمی بەخاکسپاردنەکەیدا بوێریەکی زیاتریان پەیدا کردوە، ئەوەش بەو وەسفەوە کە بڕوایەکی ئەوتۆی بەو سەختیەی کە بەسەر رێبەرایەتی نەهزەوەیە نییە. ریاز بن فازل کە بزوێنەری گروپێکی چەپی میانڕەو بە ناوی جەمسەری دیموکراتیک مۆدێرنیستە ئەوە بۆ ئێمە ئیدەکاتەوە کە: غەنوشی هەرگیز نەیویستووە ئیدانەی سەلەفی و جیهادیەکان لە بەرچاوی جەماوەر بکات. وتویەتی ئەوان رۆحی شۆڕشن، کە ئەو دەخەنەوە یادی سەردەمی گەنجیەتیدا، ژمارەیەک لە خانەوادەی ئیسلامگەرایانن کە وەکو بەرخی سەرگەردانن. سەرباری ئەوەش غەنوشی خاوەنی پاڵپشتێکی گەورەی هەڵبژاردن و هێزێکی تایبەت و بەپراکتیکە کە دەرفەتی هێرشی راستەوخۆ بۆ سەر هێزە دیموکراتەکانی لە رێگای میلیشیا رێکخراوەکانەوە پێدەدات، بە بێ ئەوەی هەرگیز خۆی پێ بخاتە نێو گۆڕەپانەکەوە. ئەو بۆ ئەنجامدانی کارە قێزەونەکانی خۆی ئەوان بەکاردەهێنێت، ئێستا ئیتر دەمامکەکان کەوتوون».

دەنگی یەکێتی گشتی کرێکارانی تونس ئەوەندە لەو پۆزەتیڤ تر نییە(4). دوو هێزی سیاسی سەرەکی وڵات جەنگیان لە دژی یەکتر راگەیاندوە. گروپەکانی پشتیوانی لە شۆڕش، کە لە حکومەت نزیکن لە مانگی دیسەمبەری رابردوودا هێرشیان کردە سەر بارەگای ناوەندی کۆنفدراسیۆنی سەندیکاکان. شەش مانگ پێشتر، سەلەفیەکان بارەگای یەکێتی گشتی کرێکارانی لە ناوچەی جندوبە کردە ئامانج. نەسرەدین ساسی، بەڕێوەبەری دیپارتمانی

**مێژووی حزبی نەهزەی ئیسلامی تونسی**

| ناو | نەهزەی ئیسلامی |
|---|---|
| دامەزران | ١٩٧١ بە ناوی کۆمەڵەی ئیسلامی دامەزرا |
| باوەڕ | پەیرەوی کردن لە رێباز ئیخوانەکان و سەید قوتب |
| سەرکردە و دامەزرێنەر | راشد غەنوشی |
| چالاکیەکان | |
| ساڵی ١٩٨٧ | پشتیوانی لە کودەتاکەی بن عەلی لە دژی بۆرقێبە کرد |
| ساڵێ ١٩٨٩ | بەشداری یەکەم هەڵبژاردنی کرد و لە ١٣٪ دەنگەکانی بەدەست هێنا |
| ساڵی ١٩٨٨ | بە بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی فەجر چووە ناو گۆڕەپانی میدیاوە |
| ١٩٨٩ | بەشداری حکومەتی کرد |
| ١٩٩٠ | سیاسەتەکانی بەرامبەر بە بن عەلی گۆڕدرا و دروشمی روخاندنی هەڵبژارد |
| ساڵی ٢٠١٢ | لە یەکەم هەڵبژاردنی ئازاددا رێژەی لە ٤١٪ی دەنگەکان، واتا ٩١ کورسی لە کۆی ٢١٧ کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا |
| ساڵی ٢٠١٣ | بە ئیئتلاف لەگەڵ چەند پارتێکی تر حکومەتی دامەزراند |

**حزبی ئەنسارول شەریعەی تونس (سەلەفیەکان)**

| | |
|---|---|
| دامەزراندن | ٢٠١١، سێ مانگ پاش روخانی دەسەڵاتەکەی بن عەلی |
| دامەزرێنەر | سەیفەدین بن خسێن ناسراو بە (ئەبو عەیان) سەردەمی بن عەلی لە زینداندا بووە و ماوەیەك لە ریزی چەکدارانی قاعیدەدا بووە لە ئەفغانستان |
| چالاکیەکان | یەکەم کۆنگرەی ساڵی ٢٠١٢ لە شاری قیرەوان بە بەشداری نزیکەی ٥ هەزار کەس بەڕێوە برد.<br>–ساڵی ٢٠١٣ سەرباری ئەوەی حکومەت بە پارتێکی تیرۆریست و نایاسایی وەسفکرد.<br>– رۆژی ١٩ی ئایار دووەمین کۆنگرەی لە شاری قیرەوان ئەنجامدا. |

لێکۆڵینەوەی کۆنفدراسیۆن دەڵێت:»ئێمە خەباتکارین و فێرین بە دوژمنایەتی کردنی رژێم و گروپە توندڕەوە توندوتیژخوازەکان، بەڵام ئەمە یەکەم جارە کە یەکێتی بەم شێوەیە دەکەوێتە بەر هێرشکردنەوە. ئەمەش رەنگدانەوەی گوتاری رەسمی سیاسیە، کە رێگای دوژمنایەتیکردنی چالاکی سەندیکایی گرتوەتەبەر، گوتارێک کە چەندین وەزیر بەکاریدەهێنن».

بەم پێیە چەپی تونس، بە پارتە سیاسیەکان و یەکێتیەکانەوە، لە دژی نەهزە وەستاونەتەوە. کاتێک قسە لە نەهزە دەکرێت چەپ ئیتر باکی لە بەکارهێنانی زاراوەی»راسترەوی توندڕەو» یان تەنانەت پارتە»فاشیست ئاساکان» نییە. بیرەوەری ئازارە هاوبەشەکان کە دیموکراتەکان و ئیسلامیەکان لە سەردەمی دیکتاتۆریدا تووشی ببوون لە ماوەی چەند مانگدا بوو بە دوکەڵ چوو بە ئاسماندا. بە پێچەوانەوە بەرپرسانی پارتی وەحدەی پێشوو ئیتر دەرکرا و بە ئەژمار نایەن.

کاتێک لەگەڵ خانمی ئالهۆم بلحاج، سەرۆکی ئەنجومەنی تونسی ژنانی دیموکرات، گریمانەی یارگیری ئاشتی خوازانەی پارتی زۆرینە لە نێوان تونرەوە ئاینیەکاندا دەهێننە پێش، یەکەمین کاردانەوەی ئەو گاڵتەجاڕانەیە:» ئەوەندە لە راکێشانی ئەواندا سەرکەوتوو بوون، کە ئێستا لە تونس کامپی پەروەردەیان هەیە و سەدان تونسی لە سوریاو مالی خەریکی گیان سپاردنن». دواتر باسەکە فراوانتر دەکات و دەڵێت : سیاسەتی ئابوری پارتی دەسەڵاتدار» کە لە سیاسەتی بن عەلی نی ئۆلیبراڵانەترە» بێکاری گەنجانی لە گەڕەکە هەژارنشینەکان زیادکردوە و ئەو مەترسیەی دروستکردوە کە هەندێکیان بەرەو توندوتیژی بڕۆن.

فابیۆ مرۆنیش کە پسپۆڕی سەلەفیگەری تونسە لەو بڕوایەدایە کە ئەو رەوتەش وەکو رەوتە جیهادیەکانی تر بەرهەمی دینامیکی کۆمەڵایەتیە، چونکە بەو جۆرەی کە ئەو توێژەرە بونیادگەرایە هنکل(5)بە بیری ئێمەی دەهێنێتەوە، لە سەردەمی زەینەلعابدین بن عەلیدا»ئەفسانەی تونس» بۆ چینی مامناوەند

> **حکومەت بەرپرسیارێتی ئەوەی لە ئەستۆدا بووە، کە هەموو شتێك لە سفرەوە دەستپێبکاتەوە، بەڵام هیچ پلانێکی بۆ گۆڕینی دۆخەکە نەبووە، بڕیارەکانی بن عەلی هەڵگرتوەتەوە**

هەقیقەتی هەبوو، بەڵام تونسیەکی دیکە هیچ پشکێکی تێیدا نەبوو، هەر ئەو تونسیەی کە بەرەو ئیتالیا هەڵدەهات یان دەچووە ریزی گروپە ئاینیەکانەوە . بە گشتی «سەلەفیگەری نە لە هەسارەی مانگەوە هاتووە و نە لە عەرەبستانی سعودیەوە، بەڵکو دەرکەوتەی رێکخراوبوونی گەنجانێکە کە زنجیرەکانیان پساندوە و لە قوتابخانەشدا کەوتوون»، هەروەها بۆشایی کولتوری سەردەمی بن عەلی جۆرێک لە هەستی ناسنامەخوازی وروژاندوە، کە بانگەشەکارانی وەهابی بە خێرایی تێر ئاویان کرد.

یەکێک لەو بانگەشەکارانە بەناوی بەشیر بن حەسەن کە لە سعودیە پەروەردەکراوە لە کاتی ئەو خۆپیشاندانەی، کە لە 16ی شوبات لە سەر داوای نەهزە لە شاری تونس بەڕێوە چوو، وتارێکی پێشکەش کرد. بەشداربووانی کۆبوونەوەکە لە چالاکانی پارتی دەسەڵاتدار پێکهاتبوون، گروپە جیهادیەکان و وەزیرەکان، بە تایبەت وەزیری (بن لەچکی) کاروباری ژنان. چەند سەعات دواتر ئەو بابەتە لە بارەگای یەکێتی گشتی کرێکاران هاتە ئاراوە. ساسی بانگەوازی ئەوەمان بۆ دەکات کە:»ئەم حکومەتە پێویستە لە بری خۆپیشاندان و رێکخستن و ئامۆژگاریکردن لە وەزارەتخانەکاندا بمێنێتەوە و گرفتەکانی گەلی تونس چارەسەر بکات!»

بە چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر راگەیاندنی دامەزراندن لە رۆژنامەی لاپرێس دۆ تۆنیزی(6) دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین، کە «ئەو گرفتانەی کە پێویستە چارەسەر بکرێن»کامانەن. لە ژمارەی 17ی شوباتی (2013) راگەیاندنێکی بچووکی کەنەدی ئەو کەسانەی کە توانای کارکردنیان لە بوارەکانی (بیناسازی، قەسابی، پرستار، یاریدەدەری پزیشکدا) هەبوو بۆ کۆچکردن هاندا و کۆمپانیایەکی گواستنەوەی تونسیش بەدوای کارمەندێکی کۆگادا دەگەڕا، کە خاوەنی بڕوانامەی زانکۆ بێت.

هەڵسەنگاندنی ساسی ئەوەیە کە «حکومەت لە چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتیەکاندا، بە تایبەت بێکاریدا هیچ پێشکەوتنێکی نەبووە. ئولگۆی ئابوری ئەوان هەمان ئولگوی بن عەلییە». یەکێتی گشتی کرێکاران، نیگەرانە لەوەی کە گەشەنەکردنی ناوچەکانی دەرەوەی پایتەخت دەبێتە هۆی گەشەپێدانی ئابوری نارەسمی و «داوای لە حکومەت کردوە ژێرخانی ئابوری گونجاو لە ناوچەکانی قەفەسە، سیدی بوزید، قەسرین و لەو ناوچە سنووریانەی کە قاچاخچیەتیان تێدا باوە ئەنجام بدات». هەموان لەسەرئەوە کۆکن کە شمەکە بنەڕەتیەکان کە زۆرتر بە یارمەتی حکوت بە نرخی هەرزان دەکڕدرێن(7) بە شێوەی قاچاخ رەوانەی لیبیا دەکرێن و لەوێدا بە نرخێکی زۆر گرانتر دەفرۆشرێن: لەوانە شیر، تەماتە، پاستا، خۆراکی لەقوتونراو، ئاوی کانزایی. کار گەیشتوەتە شوێنێک کە لە تونس شمەکە بنەڕەتیەکان دەست ناکەوێت بەخێرایی نرخەکەیان بەرز دەبێتەوە. تەیمور مەکی رۆژنامەنووس و وێبلاگ نووسی سەربەخۆ دەڵێت:» لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمەوە، تا ئێستا ناچار نەبوون شیر هاوردە بکەن! حکومەت خۆی لە کێشەکە دەکشێنێتەوە و دەستی هەمووان ئاواڵە دەکات، هیچ شتێک کۆنترۆڵ

ناکات، لە بری ئەوەی لە نووسینگەکانیان بن لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن سەرقاڵی نمایشدانی خۆیانن».

بە بڕوای جیلانی حەمامی، وتەبێژی پارتی کرێکاران کە کۆڵەکەی بەرەی خەڵکی بلعیدە» حکومەت بەرپرسیارێتی ئەوەی لە ئەستۆدا بووە، کە هەموو شتێک لە سفرەوە دەستپێبکاتەوە، بەڵام هیچ پلانێکی بۆ گۆڕینی دۆخەکە نەبووە، بڕیارەکانی بن عەلی هەڵگرتوەتەوە، پشتی بە قەتەر و سعودیە بەستووە و هیچ شتێکیشی لەو بارەیەوە دەست نەکەوتووە». لە ڕاستیدا هیچ نیشانەیەک لە یەکدڵی عەرەبی – ئیسلامی کە بووتە خەونی نەهزە بوونی نییە. تونس لەبری یارمەتی بێ بەرامبەری وڵاتانی کەنداو(سایتێکی هەواڵی ئابوری بەناوی ئەفریکەن مانیجێر دەڵێت بەرپرسانی تونس چاوەڕوانی 50 ملیار دۆلار لە قەتەر دەکەن) تەنها توانیویانە چەند قەرزێک بکەن، کە ئەویش بڕەکەی زۆر کەمە(500 ملیۆن دۆلار) و نرخی بەهرەشیان زۆر بەرزە(5.2%). هاوکات لەگەڵ ئەوەش ژاپۆن قەرزێکی 350 ملیۆن دۆلاری بە نرخی( 0.95%) بە تونسدا..

**هەڵپەساردنی پێدانەوەی قەرزەکان بە یەکێتی ئەوروپا بە مەبەستی پێکهێنانی هەلی کار**

سندوقی دراوی نێودەوڵەتی (تێڕوانینێکی زۆر پۆزەتیڤی) بەرامبەر بە تونسی بن عەلی هەبوو: بۆ نمونە لە نۆڤەمبەری (2008) هەڵسەنگاندنی دۆمینیک ستراوس کان، بەڕێوەبەری ئەو کاتەی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بەم جۆرە بوو»ئەو سیاسەتە ئابوریەی کە حکومەت گرتویەتیە بەر پاک و بێگەردە نمونەیەکی باشە بۆ وڵاتانی رووڵەگەشە». ئایا ئێستا سندوق دەتوانێت کەم و کورتی وڵاتانی کەنداو قەرەبوو بکاتەوە ؟ کۆنفدراسیۆنی سەندیکاکان، جگە لە چەند رەخنەیەکی بچوک، لەو ڕێگایەدا کۆسپ نین. ساسی دەڵێت:»یەکێتیەکان نە داوەری پێشوەخت دەکەن ونە بە بێ هۆکار لە بەرامبەر سندوقی دراوی نێودەوڵەتیدا هەڵوێستی دوژمنکارانە دەگرنەبەر. سکرتێری گشتی ئێمە هەر لێرەدا میوانداری کریستیان لاگارد و چەندین شاندی نوێنەرایەتی بانکی جیهانی کردوە. ئێمە لەوە تێدەگەین، کە وڵات ناتوانێت لە دەرەوەی ئەم سیستمە جیهانییە بەردەوام بێت، بەڵام هەوڵدەدەین کاریگەری لە سەر جیهەتی سیاسەتەکان دابنێین. ئێمە بە بانکی جیهانیمان وتوە ئێوە پشتیوانیتان لە بن عەلی کرد، ئەمڕۆش دەبێت ئیرادەی خۆتان لە پشتیوانیکردنی دیموکراسی بە پرۆژەی پایلۆتی گەشەپێدانەوە لە ناوچە پشتگوێخراوەکاندا بسەلمێنن».

بەرەی خەڵکی کە بە ڕواڵەت دۆخەکە لە بەرژەوەنیدایە ئیرادەیەکی پتەوتر لە خۆی نیشان دەدات. بەرە دژی پێگەی تونسە وەکو هاوبەشێکی تایبەتی یەکێتی ئەوروپا. بەبۆچوونی حەمامی» ئابوریەک بە بەرهەمهێنانی کەمەوە، لە سەر بنەمای هەناردەو بە پاڵپشتی دامەزراوە ئابوریە بچووک و مامناوەندیەکان، بۆ هەمیشە دەبێتە ناوەندی بڕیاریدانی ئەوروپیەکان»، هەروەها بەرە داوای هەڵپەساردنی قەرزە بیانیەکان بۆ ماوەی سێ یان چوار ساڵ دەکات، بۆ ئەوەی 18% بودجەی وڵات کە لەم ڕێگایەوە ئازاد دەبێت بۆ هەلی کارکردن تەرخان بکرێت.»

«ئەگەر فەرەنسا، ئەڵمانیا، بەلژیکا، ئیتالیا، ئەمریکا و وڵاتانی کەنداو بە ڕاستی هاوبەشی تونسن، وەرگرتنەوەی قەرزەکان هەڵپەسێرن». حەمامی بڕوایەکی ئەوتۆشی بەو هاوبەشیە نییە..

تەیمور مەکی لەوە دەترسێت کە «ئەگەر دابەزینی توانای کڕین بەردەوام بێت، ئەگەر هەستی نائەمنی زیاد بێت، دەبێت دیموکراسی خەڵکی بە تەواوبوو لەقەڵەم بدەین. لە ئێستادا هێشتا خەڵک تێنەگەیشتوون دیموکراسی بەکەڵکی چی دێت». سەلەفیەکان کە ئێستا لە ناوچە هەژارنشینەکان پێگەی جەماوەری بەهێزیان هەیە، هەوڵدەدەن بە بەکارهێنانی لاوازیەکانی دەسەڵات، خۆیان بکەنە هۆکارانی ژیانی ئابوری خەڵک، بەتایبەت لە ئابوری نارەسمی و ژێرزەمینیدا، بۆ ئەوەی بتوانن بانگەشە بکەن و رەگ داکوتن»دەڵێن سەیر کەن هیچ شتێک بە دروستی کارناکات، چونکە خەڵک پەیرەوی لە شێوازەکانی پێغەمبەر ناکەن». دەیانەوێت خەڵک لە هەڵبژاردن و پارتە سیاسیەکان دوور بخەنەوە، بۆ ئەوەی خۆیان داوای شتێک بکەن کە سەلەفیەکان وەکو ڕێگەچارەی کۆتایی پێشنیاری دەکەن:»جێبەجێکردنی یاسای شەریعەت»(8)

ئەوانی تر گەشبین ترن بۆ نمونە خانمی بلحاج لەسەر ئەو باوەڕەیە، کە لە سەرمافەکانی ژنان (کۆدەنگی هەیە، بە تایبەت لەو پارتانەدا کە لە ڕابردودا ئەوەندە خۆیان دەرنەدەخست، بە هۆی خۆڕاگری کۆمەڵگەی مەدەنیەوە لە ڕاستەوە بۆ چەپ یاساکان پاشەکشەیان نەکردوە». ئەم هۆشیارکردنەوەی بەرەی خەڵکی، جەماوەرێک کە لە رۆژی بەخاکسپاردنی بلعیددا کۆبووەتەوە، دەستپێکی یەکێتی دووبارەی هێزە پێشڕەوەکان و ململانێی ناوخۆیی نەهزە، هەموویان لەو هۆکارانەن کە بن فازل هاندەدات کە تێفکرێت:»ململانێ بۆ ئیسلامی کردنەوەی تونس لە ئێستاوە شکستیهێناوە»

1 – سەیری بابەتی Gilbert Avhcer «لوتکەی کاپیتالیزمی ئیخوان موسلیمین بکە»، لۆمۆند دیپلۆماتیک، شوباتی 2013. http://ir.mondediplo.com/article1960.html

2 – International Crisis Group

3 – « Tunisie 13 février 2013, : violences et défi salafiste », International Crisis Group,

4 – سەیری بابەتی ئیلا یوسفی، »سەندیکایەکی ڕۆڵگێڕی نەیاری حکومەت لە تونس»، لۆمۆند دیپلۆماتیک، نۆڤەمبەری 2012، ir.mondediplo.com/article1911.html

5 – Gerda Henkel

6 – La presse de Tunisie

7 – سندوقێکی هاوسەنگی گشتی، کە بۆ پێکهێنانی سەقامگیری لە نرخی بەرهەمە بنەڕەتیەکاندا دروستکراوە. خەرجیەکانی ئەو سندوقە کە بەخێراییەکی سەرسووڕهێنەر بەرەو فراوانی دەچێت لە ساڵی 2013 دەگاتە نزیکەی 7\15% بودجەی وڵات.

8 – چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەندامێکی هێزە ئەمنیەکان، لە زاری ڕاپۆرتێکی گروپی نێودەوڵەتی قەیرانەوە.